# چوار وشەم ووت پاش ئەوەی تۆم جێهێشت، ئەگەر کێشان بکرێن لەگەڵ ئەوانەی تۆ ووتت لە بەیانیەوە ئەوا قورستر دەبوو: ( سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ )

لە جوەیریەی کچی حاریسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «چوار وشەم ووت پاش ئەوەی تۆم جێهێشت، ئەگەر کێشان بکرێن لەگەڵ ئەوانەی تۆ ووتت لە بەیانیەوە ئەوا قورستر دەبوو: (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ)*». *(واتە: پاک وبێگەردی بۆ خودا، وحەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە؛ هێندەی دروستکراوەکانی وڕەزامەندی خۆی وکێشی عەرشی ومەرەکەبی وشەکانی)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

جوەیریەی کچی حاریس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی بانگی بەیانی دەرچوو بۆ نوێژکردن پاش لە دوای چێشتەنگاو (الضحى) گەڕایەوە، بینی جوەیریە یادی خوای گەورە دەکات، پێمی فەرموو؛چوار وشە هەیە ئەگەر بەراورد بکرێن بەوەی وتوویەتی ئەوا لە پاداشتدا یەکسان دەبن، وکێشیان قورستر دەبێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە : (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ) واتە: (پاک وبێگەردی بۆ خودا، وحەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە؛ هێندەی ژمارەی دروستکراوەکانی، وژمارەی بوونەوەرکان کەس جگە لە خوای گەورە، وپاک وبێگەردی بۆ خوای گەورە بە بەردەوامی وهێندەی ڕەزامەندی خۆی وکێشی عەرشی وهێندەی مەرەکەبی وشەکانی نووسراوەکانی)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5508

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee